# وەڵامێکی کورت بۆ بەڕێز فازڵ میرانی : کەرکوك ئاوا خزمەت دەکەن؟؟؟

عەلی مەحمود محەمەد

لە هەفتەی ڕابردوو ڕێزدار فازڵ میرانی لە کەرکووك ووتی : ( پارتی لە ڕابردوو خزمەتی کەرکووکی کردووە لە داهاتووشدا دەیکات) .

حەز ناکەم جارێکی دیکە ئەوە بە چاومانا بدرێتەوە کە کەرکووك بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ  لە دوای 11ی ئادار, ئەگەر ژمارەی شەهیدەکانمان لە ڕیزی هەموو لایەنەکان و ژمارەی ئەنفالەکانمان بژمێرین شتێکی وا بۆ شوێنەکان کە ناهێڵینەوە . با بێین قسە لەسەر ئەو خزمەتانە بکەین پێشکەش بە کەرکوکە کرێت , با دوور کەوینەوە لە دروشمە سیاسییەکان . لە دروشم و قسە فرۆشتن هەرزانتر نییە لە سیاسەتدا , بچوکترین و لاوازترین مرۆڤ و پارت دەتوانن گەورەترین دروشم بەرز کەنەوە , کەسیش سزایان نادا , با لەسەر ئەرزی واقیع بزانیین پارتی لە ڕابردوودا وەك بەڕێز فازڵ میرانی باسی دەکات چ خزمەتێکی بە کەرکوك کردووە .

با زمانی وێنەکان وەڵامی خۆیان بدەنەوە






نازانم ئەو خزمەتگوزارییەی سەرەوە بودجەکەی لە حکومەتی هەولێرەوە دابین کراوە یان ئەوەی کە ؟؟؟ , متمانەم پێتان هەیە لە داهاتووش هەرواو باشتریش دەبن . نەك هەر ئەوەندە دەزانم دەستتان بڕوا ئاوا شارمان بۆ دەنەخشێنن , چونکە لە کەرکووك حیزبایەتی ناکەین بەڵکە کوردایەتی دەکەین .




خزمت  بەم شێوەیەی خوارەوەش نەبێت نابێت .




یاخود ئاوا گەشە بە شارە دەن و دەیکەنە نموونە بۆ هەموو کوردستان .




ئەم هەموو باڵاخانەیەش کە لە خوارەوە دەیبینن بۆ ئاوارەکان دروست کراون لە فەیلەق و سەربازگای خالید , سەیر کەن و بڕوانن ببینن بزانن چۆن چوونە بە حەوت تەبەقەی ئاسمانا , بەشێکن لەو پڕۆژانەی بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان بنیات دەنرێن .




یان من لێم تێکچووە مەبەستی بەڕێزی لە خزمەتکردنی کەرکووك دابەشکردنی ئەو لەنگانە بوو پێی هەڵسان , دراوی نەوتەکە بۆ بەرپرسان لەنگەی نەخۆشەکانی ئەورووپاش بۆ کەرکووکییەکان .

بەڕێزم متمانەم بە ووتەکانتان هەیە , لە داهاتووشدا وەك ئێستا و ڕابردوو خزمەت کەرکووك دەکەن , نەوتەکە بۆ ئێوە لەنگەکەش بۆ ئێمە .